# کورد و
# دوانەی سیاسەت و مێژوو

## قسەیەک لە ساڵوەگەڕی ١٠ی خاکەلێوەدا

بورهان أ. یاسین

٣١-٣-٢٠٢٣

لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، لە ١٩٤٧/٣/٣١، کە بە ١٠ی خاکەلێوە ناسراوە، لە مەیدانی چوارچرا لە شاری مەهاباد، پێشەوا قازی محەمەد، سەرۆکی کۆماری کوردستان و سەیفی قازی و سەدری قازی، دلێرەقانە، لە سێدارە دران.

لە سێدارەدانی پێشەوا لەو ڕۆژەدا، لە هەمان ئەو گۆڕەپانی چوارچرایەی کە تیایدا کۆماری کوردستانی لە ساڵی پێشتردا (ڕێک لە ١٩٤٦/١/٢٢) لە لایەن پێشەواوە ڕاگەیاندرابوو، زیاتر لە واتا و پەیامێک لەخۆ دەگرێ.

بە پێی زۆربەی خوێندنەوەکان بڕیاری لە سێدارەدان لە لایەن شای ئێران وە هێزی چەکداری ئێرانەوە یەکلا کرایەوە، لەگەڵ بوونی هەندێ وردەکاری مێژوویی دیکەش کە دەکرێ لە پەیوەستێکی دیکەدا باسکردنیان گرنگ بێت. یەکێک لەو وردەکارییانە کە زۆر جار وەک پرسیار دەوروژێنرێت هەڵوێستی ئەمریکییەکانە لە بڕیاری لە بڕیاری لەسێدارەدانی پێسەوا و هاوەڵەکانی. لەم بارەیەوە دەکرێ بڵێین کە لە بەڵگەنامە و تۆمارە دیپلۆماسییەکانی ئەمریکادا لە هیچ کوێیەک بەرچاو ناکەوێ کە ئەمریکییەکان پشتگیری ئەم بڕیارە بووبن، بەڵکو لا ڕاپۆرتێکی یەکلاکەرەوەی قونسلیەی ئەمریکی لە تەبرێز، کە لە ١٩ی ئەپریلی ١٩٤٧ نێردراوە بۆ وەزارەتی دەرەوە لە واشنتن، ڕێک ئەوها هاتووە: ئەمانە، واتە لە سێدارەدراوەکان "گوناهیان هەر چی دەبێت، ئەمانە سەرکردەی ڕێزلێگیراوی گەلەکەیان بوون" (From Sutton to the State Department, April 19, 1947, DSDF, 891. National Archives). لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی ئەمریکییەکان، ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، وە لە ئاستی جیاجیادا، لە پشتگیریکردن لە ئێران، بۆ تێکشکاندنی هەردوو کۆماری ئازەربایجان و کوردستان، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە.*

دەکرێ ئەم ڕووداوە لە دوو دیدی زۆر جیاوازەوە باس بکەین و تێگەیشتنی بۆ بکەین:

١) لە دیدی دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە:

هەڵبژاردنی مەیدانی چوارچرا بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە، واتە کۆتاییهێنان بە ژیانی پێشەوا و هاوڕێکانی، لە ڕووی سیمبۆلیزمی ڕووداوەکەوە، مەبەست لێی لەگۆڕنانی خودی کۆماری کوردستان و خەونی سەربەخۆیی بوو، ئەو خەونەی کە، لە چرکەساتە مێژووییەدا، خۆی لە ڕاگەیاندنی کۆماردا، هەر لە گۆڕەپانی چوارچرادا، دەربڕیبوو؛

٢) لە دیدێکی کوردستانییەوە:

لە مێژوو و خەبات و ئاگایی نەتەوەیی و نیشتمانیدا بەردەوام دوو شێوازی ڕووداو جێگای تایبەتی لە خۆیان لە یادەوەری بە کۆمەڵ (collective memory)ی نەتەوەکاندا دەکەنەوە:

ئەم دوو شێوە ڕووداوەش یەکێکیان چرکەساتی سەرکەوتنە، یا تەنانەت هەستکردن بە سەرکەوتن (سەرکەوتنی تەسەووڕکراو – imagined victory)، وە ئەوەی دیکەشیان چرکەساتی نسکۆ و شکستە. ڕاستە کە دژایەتییەکی بەهێز لە نێوان ئەو دوو جۆرە لە چرکەساتی مێژوویی هەیە، بەڵام هەردووکیشیان، بە هەمان گرنگییەوە، لە بۆتەی ئەو یادەوەری بەکۆمەڵە جێگای خۆیان دەکەنەوە. . . هەڵبەتە هەر لێرەشدا دەبێ بڵێین کە یادەوەری بەکۆمەڵ "کەرەسەیەکی" گرنگە لە حاڵەتی خەملاندنی چیرۆک و گوتاری ئایدیۆلۆژیانەی ناسیۆنالیزم.

زۆر بە کورتی و بە چڕی: بەسەرهاتی کۆماری کوردستان، وە بە دیاریکراوی ئەو بەسەرهاتانەی کە لە گۆڕەپانی چوارچرا خۆیان بەیان کردووە، ئەو بەسەرهاتەیە کە هەردوو شێواز لە ڕووداو و چرکەسات، واتە چرکەساتی گەش و سەرکەوتن لە لایەک، وە پێچەوانەکەی، واتە چرکەساتی نسکۆ و شکست لە لایەکی دیکەوە، لە هەمان تابلۆ و بۆتەدا کۆدەکاتەوە.

هەڵبەتە لە نێوان سەرکەوتن و نسکۆ جیاوازییەکی زۆر و تەنانەت دژایەتییەکی گەورەش هەیە، بەڵام مێژوو پێمان دەڵێ هەردووکیان بۆ یادەوەری بە کۆمەڵی هەر نەتەوەیەک وەک یەک گرنگن: هەردووکیان پێکەوە و لە تێکهەڵکێشێکی ئاڵۆزدا، بە تایبەتی لە ئاگایی کۆمەڵایەتیدا، شوێنی خۆیان لەو یادەوەرییە بەکۆمەڵەدا دەکەنەوە. . . ئاخر دەکرێ، لە جەدەلی بەکاربردنی ڕاست و دروستی ئەم یادەوەرییە بەکۆمەڵە، لە قوڵایی "تێگەیشتنێکی پڕ لە ئاگایی و بەخۆداچوونەوەیەکی ڕاستگۆیانە" لە نسکۆ و شکستدا، تۆی هەڵسانەوە و سەرکەوتن بچێنیت!

جگە لە یادەوەری بەکۆمەڵیش، مێژووش ئەو گێڕانەوەیە کە دواجار لە پرۆسەی نەتەوەسازی و خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانیدا حزوورێکی گرنگ و بەهێزی هەیە. هەڵبەتە، بەبێ ئەوەی لێرەدا هەوڵمان دابێ لە ئیشکالییەتی تێکهەڵکێشی دوو چەمکی مێژوو و یادەوەری بەکۆمەڵ نزیک ببینەوە، کەچی گرنگە لە هەمان کاتدا ئەوە بڵێین کە مێژوو و یادەوەری بەکۆمەڵ دوو کەرەسەی یەکجار گرنگن، لە تەک زۆر کەرەسەی دیکەوە، لە کار و خەباتی سازدانی ئاگایی نەتەوە، وە دواجار لە هەوڵ و کۆششی ئەو نەتەوەیەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی؛ لەسەر ئەو باوەڕەی کە "**ئەوەی دوێنێ سیاسەت بوو ئەمڕۆ مێژووە و ئەوەشی ئەمڕۆ سیاسەتە سبەی دەبێ بە مێژوو،**" ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ.

لەم ئاوێتەبوونەوە فیکرییەی سیاسەت و مێژوو، ئیتر ئەو ئەنجامگیرییەمان دەست دەکەوێت کە بەڵێ ناسیۆنالیزم (وەک ئایدیۆلۆژیا، جوڵانەوەی کۆمەڵایەتی و نەخشەڕێگا و

پرۆگرامی سیاسی) وە وەک جۆرێکیش لە چیرۆکی نەتەوە، بە هەر سێ ڕەهەندەکانییەوە (**دوێنێ، ئەمڕۆ و سبەینێ**) بە توندی بەیەکەوە گرێ دەدرێن.

کەواتە، بە پێی ئەم بۆچوونە، بەسەرهاتی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانی ڕووداوگەلێک نین کە لە دوێنێدا "**جێمابن**"، بەڵکو ئەم ڕووداوانە (لە خاڵە گەشەکانیاندا، هەر وەک چۆن لە شکست و نسکۆیاندا) لە پرۆسەیەکی ئاگایی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی کوردا حزووریان هەیە و لە سبەینێشدا ئەم حزوورە هەر بەردەوام دەبێت، تەنانەت بەردەوامیدان بە حزووریان لە سبەینێی نەوەکانی داهاتودا، مەسەلەیەکی یەکجار گرنگە.

بەم، واتایە، وێڕای داخکێشان بۆ لەسێدارەدانی پێشەوا و هاوڕێکانی، ئەوەی لێرەدا گرنگ و پێویستە ئەوەیە کە هەر وا بە ئاسانی لێنەگەڕێین ئەو بۆنەیە بەسەرماندا تێپەڕێت و بەم واتایەش، لە ئاگایی کۆمەڵایەتیماندا، ئیستەیەکی شایستە و جدی لە بەرامبەر کۆی بەسەرهاتی کۆماری کوردستاندا بکەین: لە لایەکەوە، بەرزنرخاندنی خاڵی گەشی سەرکەوتن کە ئەویش ڕاگەیاندن و ئەزموونی کوردتی ئەم کۆمارەیە؛ لە لایەکی تریشەوە، بەردەوام هەوڵدان بۆ سارێژکردنی زامەکانی مێژوو و تێپەڕاندنی فاکتەر و هۆکارەکانی زام و شکستەکان، بە تایبەتیش بەر لە هەر شتێک ئەو زام و هۆکارانەی شکست لە ناخی خودی خۆمان و لە ناواخن و قوڵایی ناسیۆلانیزمی کوردی و کۆمەڵگەی کوردەواریدا، زۆر بە تایبەتیش لە ڕەهەندی ئاگایی کۆمەڵایەتیماندا.

* * *

باس و خواسی کۆماری کوردستان و ڕووداوە پەیوەندیدارەکان بە چیرۆکی ئەو کۆمارەوە و بە تایبەتیش کۆتاییە تراژیدییەکای، بەردەوام دەمانخاتە بەردەم ئەرکی پێداچوونەوەی ئەم مێژووە: (بە لەبەرچاو گرتنی بەردەوامیی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئاگایی مرۆڤەکان، گۆڕانکاری لە پێدراو و گۆڕاوە مێژووییەکان) بەردەوام مێژوو پێویستی بە جۆرێک لە "ئەپدەیتە." جا دەکرێ ئەم ئەپدەیتە لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی و، لەم حاڵەتەش، بە ئامرازە ئایدیۆلۆژییەکان و لە خزمەت ئامانجی ئایدیۆلۆژی بێت، یا تەواو لە چوارچێوەی زانستی بێت، بە ئامرازە زانستییەکان و لە خزمەت پرس و ئامانجە زانستییەکاندا!

بەم واتایەش، پێویستە ئێمەی کورد، جا لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە یا لە هەر بەشێکی کوردستان دەبین با ببین، سەردانێکی یادەوەری بە کۆمەڵی خۆمان و ئەو مێژووە بکەینەوە و خۆشمان بەرەورووی ئەم پرسیارە بکەینەوە: ئایا پێگە و جێگەی کۆماری کوردستان و بەسەرهات و کۆتاییە تراژیدییەکەی لەو یادەوەرە بەکۆمەڵەدا چەند و چۆنە، ئایا چۆن

دەکرێ ئێمە بە هەمان گرنگییەوە لە دوانەی خاڵی گەش و سەرکەوتن لە لایەک وە شکست و نسکۆی کۆماری کوردستان بگەین؟ جگە لەوەش، چۆن دەکرێ ئەم دوانەیە لە یەکبوونێکی دایەلەکتیکی توکمەدا جێگای خۆی لە ئاگاییماندا بکاتەوە، بە شێوەیەک کە ئەم ئاگاییە بتوانێ روو لە داهاتوو بتوانێ ببێ بەو ئامراز، پێگە و خاڵەی لێوەدەرچوونەوە کە ناسیۆنالیزم پێویستییەتی، بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغەی کە تیایەتی، بەرەو دواڕۆژ و ئاسۆیەکی گەشتر و پرشنگدارتر.

**دەرەنجام:** ئەو گەڕانەوە و سەردانەمان لە یادەوەری بەکۆمەڵ تەنها شتێک نییە بۆ ئەوەی بزانین ئاگاییمان، روو لە مەسەلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، چەندە و چۆنە وە بە تایبەتیش لە مەسەلەی سەربەخۆییدا، بەڵکو ئەو سەردانەمان لە یادەوەری بەکۆمەڵ لە پێناو شتی زۆر زیاترە: هەروەک گوترا، دەکرێ یادەوەری بەکۆمەڵ ئامرازێکی گرنگ بێت لە رەهەندە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی جولانەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی کوردستاندا: ئامرازێک بێت بۆ جۆش و خرۆشدان و مۆبیلیزاکردن، ئامرازێکیا بێت لە رێکخستنی ئەوەی پێی دەگوترێ "فەزای نەتەوەیی، یا فەزای نیشتمانی" (organizing national space). ئاخر دواجار، یادەوەری بەکۆمەڵ دەتوانێ جێگایەکی گرنگ لە هێز و توانستی "مەعنەوی" هەر گەلێک پێک بهێنێ و سەرچاوەیەکی گرنگی ئەو هێزە مەعنەوییەش بێت: هێزێک کە دەکرێ بە "**هێزی نەرم**" هاوتایی هێزی رەق و سەرچاوە مادییەکانی هێز بێت، تەنانەت لە هەندێک حاڵەتدا **ئەم هێزە نەرمە** زۆر گرنگتریش بێت!

______________________

* شایانی گوتنە کە سەرکردەی تیرۆرکراو، د. عبدالرحمن قاسملو، لە گفتوگۆیەکی تایبەتی لەگەڵ نووسەری ئەم وتارەدا لە ستۆکهۆڵم، ماوەیەکی کەم بەر لە تیرۆرکردنی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە بۆچوونێک هەبووە کە گوایە ئەمریکییەکان رۆڵی خراپیان بووە لە مەسەلەی لەسێدارەدانی قازی محەمەد و بەلای ئەوەوە ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە گرنگییەکی تایبەتی هەبوو.